# هەناسەیەک بۆ خالید ڕەشید ... ستیڤان شەمزینانی

(ئەم جیهانە بریتییە لە ژمارەو ئاواز)
فیساگۆرس



لەکاتێکدا قاوەوقاو ژاوەژاوی دنیای شارستانی ئەمڕۆ و جەنجاڵی و سەرقاڵییەکانی ژیانی هاوچەرخ مێشکی قاڵ کردووین و هەمیشە لەقەلەقی و ڕاڕاییەکی بی وێنەدا ساتەکان دەگوزەرێنین.. گۆرانی و مۆسیقا بەڵام گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن ئاوێکی سازگارو شیرینە بۆ دامرکانەوەی ئەو ئاگرەی لەسینەو دەروونی هەر یەکێکماندایە. زۆربەی جار گۆرانییەك لەدوا پلەی پەستی و بێزارییەکاندا هێدیمان دەکاتەوە و وا دەکات زۆر نەرمتر و ناسکتر مامەڵە لەگەڵ ژیان بکەین.
گۆرانی و مۆسیقا زمانی دووەمی مرۆڤن، ئەو زمانەی هەمیشە گوزارشت لەدیوە هەرەجوان و نازکەکەی مرۆڤ دەکات، ئەو زمانەی مرۆڤ خۆی پی خاڵی دەکاتەوە لەهەموو ئەو نەهامەتییانەی لەژیاندا دووچاری دەبێت. مۆزیکژەنی ناودار چایکۆڤیسکی (1840-1893) دەڵی (هیچ و تارێك و هۆنراوەیەك ناتوانی یەك هێڵی دیدگاو بۆچوون لەناو کۆمەڵ دروست بکات، بەڵام کلیلەکانی مۆسیقا نەك یەك بۆچوون بەڵکو یەك باری سایکۆلۆژی هزرو ڕۆمانسییەت دروست دەکات).

چایکۆڤیسکی ڕاست دەکات چونکە مۆزیك و گۆرانی هەروەك یەك دەگاتە گوێی کرێکارێك، سەرمایەدارێك یانژی ژنێك، پیاوێك. مۆزیك و گۆرانی ئەو سیحرە گەورەیەی مرۆڤن کە دەتوانن ناخت ڕابژەنن و ئەندێشەت بەرنە دوا وێستگەی ڕامان و بیرکردنەوە و رۆچوون لەخۆتدا، ئەوەتا فەیلەسووفی مەزن (فریدریك نیتچە) پایەی مۆزیکی زۆر لەسەرتر لەفەلسەفە داناوە، ئەوکاتەی دەنووسی (ئەگەر فەلسەفە لەبەرزترین پلەی زانستدا بێت، ئەوە مۆسیقا ئەو سیحرو ئیلهامەیە لەسەرووی فەلسەفەوە دێت).

کوردیش وەك گەلێکی دێرین و خودان شارستانێتی و ژیاری تایبەت بەخۆی یەکێك لە گەلە هەرە دەوڵەمەندەکانە لەبواری مۆزیك و گۆرانیدا، چونکە کەش و هەواو سروشتی وڵاتەکەی بۆ خۆی مۆسیقایەو بناغەی دینە ڕەسەنەکەشی (زەردەشتییەت) ئاینێکە سەرلەبەری تەقوس و مەراسیمەکانی بەشێوازی ئاهەنگ ئامێزو لە سۆزی گۆرانی و مۆزیکدا بەڕێوەچووە.
ئەز گومانم لەوە هەیە گۆرانی و سروود و مۆزیك بەشێك نەبووبی لە بناغەکانی ئەو دینە. وەلی ئەم سەروەتە گەورەیە لەلایەن کۆڵۆنیاڵیستانی کوردستانەوە تاڵانکراوە، بەڵام هێشتا ئەم نەتەوەیە خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندە لەو بوارەدا. رۆژهەڵاتناسی ناسراو

(تۆمابوا) نووسیویەتی (سەردەمی ساسانییەکان کوردان لەشارستانێتی مۆزیکادا دەستی بالآیان هەبووە و میللەتانی دەرو دراوسێش سوودیان لی وەرگرتوون).

ئەم وتەزایەی تۆمابوا هەروا لە خۆڕایی نییە بەڵکو بەرەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوەیەکی قووڵە لەمێژووی دێرینی میزۆپۆتامیاو ئێرانی دێرین.
جگە لەمەش مۆزیك و گۆرانی ناسنامەی نەتەوەن و ڕادەی پێشکەوتنیان ڕادەی هۆشیاریی و شارستانێتی نەتەوە نیشان دەدەن، ئەوەتانی بەر لەهەزاران ساڵ (کۆنفۆشێوس) وتویەتی (ئەگەر ویستت پلەی پێشکەوتن و شارستانێتی هەر گەلێك بزانی گوی شل بکە بۆ گۆرانی و مۆسیقاکەی).




لەناو کوردیشدا گەلەك هونەرمەندی مەزن و خاوەن سەلیقەو بەهرەی هونەریی هەڵکەوتوون و ڕۆڵیان دیتووە لەپەرەپێدان و پێشخستنی هونەری مۆزیك و گۆرانی کوردیدا.. هەندی لەو هونەرمەندانە حاڵی حازر لەژیاندان و بەردەوامن لەکارەکانیان، ئەگەر بمانەوی نموونەیەك لەبەرچاو بگرین هونەرمەندی مۆزیکژەن و گۆرانیبێژ (خالید رەشید) نموونەیەکی فرە بەرچاو و نزیکە لێمانەوە.
خالید ڕەشید یەکێکە لەو سوارچاکانەی هونەریی کوردی کە تا ئەوپەڕی تواناو دەست پێڕاگەیشتنی هەوڵیداوە ئەسپی خۆی لە هونەرێکدا تاوبدات کە مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردی لەدەست نەدابی و لەهەمان کاتدا ئاوێزان بەرۆحی نوێگەریی و داهێنان.
*خالید رەشید لەئانی نغرۆبوونی گۆرانی کوردیی لەلافاوی گۆرانی و مۆزیکی تورکی و عەرەبیدا ئاڵای ڕەسەنایەتی بەدەستەوە گرتووە و ئەویش هەروەك (ئارام خاچادۆریان) دەڵی:
(بەرلەوەی هونەر جیهانی بێت دەبی نەتەوەیی بێت).
خالید رەشید هونەرمەندی نەتەوەیەو بەسۆزی دەنگی پرسیاری دەبدەبەی بابان دەکات و غەمی سبەینی وڵاتییەتی، ئەو پڕ بەدەمی و بەهەنسك و ژانەوە دەڵی کە من ڕۆحم لەکوردستان بی دەبی تامی چی بێت چێژو خۆشییەکانی تاراوگە؟ لای ئەو تاراوگە دۆزەخەو پەڕوباڵی ناسکی وی تیا دەسووتی و وڵاتیش سەرباری هەموو عەزابەکانی رەنگ و تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەو دەیەوی بڵی غوربەت و تاراوگە نیشتمانی لەدڵدا خۆشەویست کردین، ئەو گۆرانی بۆ نەتەوەیەك دەچڕی هەزار ساڵە خوێنی بەناهەق ڕژاوی دڵۆپ دڵۆپ وتکەتکە دەرژێتەسەر زەویەکەی خۆی، ئەو گۆرانی بۆکچە کوردێکی ئەنفالکراو دەچڕی خەنەبەندان و زەماوەندی گوندیان لەنوگرەسەلمان لەگەڵدا زیندەبەچاڵ کرد، ئەو گۆرانی بۆ ئەو منداڵە دەچڕی کەباوکی لە جەنگی ناوخۆدا هەناسە ساردکراو دایکشی بۆ هەتاهەتایە ڕەشپۆش کرا، ئەو گۆرانی بۆ ئەو دایکە زەلیلە دەڵی لە ئێوارەیەکی پایزدا جەلادانی بەعس کوڕەکەیان بردو ئیتر هەر نەگەڕایەوە، گەرووی خالید رەشید گەرووی نیشتمانە، گەرووی هاواری تاساوی ئەنفال و گۆمی خوێنی هەڵەبجەو ئێسك و پروسکی گۆڕی بەکۆمەڵی گەلەکەیەتی.

*خالید رەشید یەكێكە لەو گۆرانیبێژە دەگمەنانەی كە بەوپەڕی وریایی و هۆشیارییەوە دەست دەبات بۆ تێكست و شیعری شاعیران، من دەزانم شیعری ناخی نەهەژێنن و ئاوێنەی كەسەرو ئازارەكانی ژینی خۆی نەبێت مەحاڵە بتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بكات؟ ئاخر شیعر و مۆسیقا دوانەیەكی لێك جیانەكراوەن، شیعر رۆحی مۆسیقایە، شیعر زمانی راستەقینەی گۆرانیبێژە.

*ڤاگنەر – دەڵی (شیعرو مۆسیقا چەشنی گوڵن، شیعر جەستەكەیەتی و مۆسیقاش بۆنەكەی) هەر ئەو دەڵی (مۆسیقاو شیعر وەك كیژێك و دڵدارەكەی وان، مۆسیقا كیژەكەیە و شیعریش دڵدارەكەی).
هەڵبژاردنی شیعر هونەرە، سەلیقە و توانایە، هاوزەمان دەرخەری ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیریی خودی هونەرمەندە. كاتی ئەو دەڵی بەقەد ئاسمان خۆشم دەوێی، هیچ عاشقێك نییە هەزارجار ئەم ڕستەیەی بە مەعشووقەكەی نەوتبی، خۆ ئەگەر بەم ڕاستەوخۆییە وشەیەكی واشی نەدركاندبی بە هەزارویەك وشەی تری هاوشێوە زۆر زیاتری وتووە و تەعبیری لێكردووە.

ئەم مامەڵە ژیرانەیەی خالید رەشید لەگەڵ تێكست وامان لێدەكات وشە بەوشەی گۆرانییەكانی جی پەنجەو كاریگەری لەسەر رۆحمان لەسەر مێشكمان بەجێبهێڵێت، خۆ لەخۆڕانییە ئەم جۆرە هونەرمەندانە و بەرهەمەكانیان بەنەمریی لەدڵ و ویژدان و دەروونی خەڵكیدا دەمێنێتەوە.

بۆ وێنە هەر كە دەڵێی (تایەر تۆفیق-حەسەن زیرەك-عەلی مەردان-سەید عەلی ئەسغەر...هتد) ئیدی گۆرانییەكانیان دێنەوە ناو گوێمان، وێنەكانیان و جوڵەو دەست ڕاوەشاندنیان دێتەوە پێش چاومان، چونكە ئەم ئەستێرانە بەوپەڕی هۆشیاریی و ژیرییەوە مامەڵەیان لەگەڵ هونەر كردووە و هەر ئەمەش كردوونی بەو ڕەمزو نیشانە گەورەیەو نەمریی پی بەخشیوون.
*خالید رەشید گۆرانیبێژی ئەویندارانە، لاوی سەرجەم جوانییەكان لەئەویندا گرد بوونەتەوە، ڕەنگە بڵێم ئەوینێكی ئەفلاتۆنی، خالید رەشید هونەرمەندی بووكی ئێوارە و نێرگز و نەمامە عاشقەكانە.. هونەرمەندی گوڵەبەرۆژەكانی بەر ڕەشەبایە، جوانی و عیشق هەمیشە بەلای خۆیاندا پەلكێشی دەكەن و ئەویش لەبۆتەی هونەرێكی رەسەن و ناسكدا لە ئامێزیان دەگری و بوخچەی دڵی خۆی بۆیان دەكاتەوە و بەزەردەخەنەوە سڵاویان لێدەكات.
هونەرمەند (خالید رەشید) خاوەنی ستایڵ و ڕێچكەی خۆیەتی، خاوەنی قوتابخانەی ڕەسەنایەتی و گۆرانی نەتەوەیی و ئەویندارییە.
ئەو دەیەوی لەڕێی گۆرانییەوە قەفەسی سنگمان بكاتەوە تنۆك تنۆك خۆشەویستی بەسرنجی سۆزی دەنگی بكاتە دڵ و هەناسەمانەوە، دەیەوی لەناو هەراو زەنای ئەو هەموو بەرهەمە بی پێزو كاڵ و كرچەدا گۆرانییەكی ڕەسەنمان بەتام و چێژی كوردانەی خۆیەوە پێشكەش بكات و بە كاریگەریی دەنگی هەوایەكی چەشنی شەماڵ بەڕووی جەستەی شەكەتماندا بكاتەوە، دەیەوی بەچەكی گۆرانی و فیشەكدانی مۆزیكا بەگژ داگیركەران و ناحەزانی نەتەوەكەیدا بچێتەوە و بڵی: ئەوە منی كوردم.

دەیەوی هەناسەکانی هەناسەی عاشقە دلّرەنجاوەکان و شوێنکەوتووانی ڕێبازی مەم و زین و خەونی ئەویندارانی بەرباران بێت.

*خالید رەشید و هونەرەکەی شتێکی ئەوەندە کەم و بی بایەخ نین هەروا بەئاسانی بەسەرماندا تێپەڕن، ئەگەر ئەمڕۆش نەبی سبەینی دەگەین بەوەی ئەوی ئەم هونەرەمەندە کردوویەتی چەندە مەزن و چەندە شکۆدارو چەندە دەگمەنە.

هونەری وی بۆ هەمیشە و بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە، رەنگە کۆشکەکان بەزەمین لەرزەیەك لەناوچن بەلاّم هونەری ئەم هونەرمەندە هەرماوە، ڕەنگە دەیان میروسەرۆك شالیار بڕۆن و کورسییەکانیان بەجی بهێلّن بەلاّم کورسی هونەرەکەی ئەم هونەرمەندە هەر دەدرەوشێتەوە، ڕەنگە سەرمایەدارەکانی ئەمرۆی ولاّت سوالّکەرەکانی سبەینی بن بەلاّم هونەرەکەی خالید رەشید سەرمایەی هەمیشەییەو هەر دەمێنی.

ڕەنگە منیش بۆچوونم لەگەلّ (تیۆفیل گۆتی) دابی کە دەلّی (هەموو شتێك تێدەپەڕێت تەنیا هونەر بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، پەیکەرێك زیاتر لە عەرشێك دەمێنێتەوە، پارچەیەکیش زیاتر لەخودی ئیمپراتۆر).

بلّێم چی بەخۆم نییە وا هەست دەکەم دەنگی خالید رەشید دەنگێکە بۆ هەمیشە لەگوێماندا دەزرنگێتەوە، دەنگێکە وای نابینم بۆ ئەبەد بمری.

Shamzini 79 @hotmail. com